# بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لە بری خۆپیشاندان؟



**کانی هەڵەبجەیی – هۆڵندا**
kani_awin@hotmail.com

لەوە دەچێ سەرکردایەتی کورد هەڵوێستەکانیان دژی ڕاپۆرتەکەو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتەواوەتی گەڵاڵە نەکردبێت. بەڵام بۆچی دەبێ تا ئێستا خۆیان یەک لایی نەکردبێتەوە؟ هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕامیاری بە پێی بیرو بۆچونی منو ئەتوانم بڵێم هەندێ لە ڕوناکبیرانی دیش ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن یەکلایی بۆتەوە.

خۆ ئێمە هەموو کاتێ دەڵێین پێویستە دیبلۆماسیەت بخرێتە گەڕ، بەڵام ئاکامەکەی وەک کورد دەڵێت (مانگ دیارە پێویست ناکات پەنجەی بۆ ڕاکێشی) وایە، واتە ئەنجامی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە کە سەرۆک بۆش ناتوانێت ئەو خاڵانە پشتگوێ بخات کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتون گەر هەمووشی نەبێت ئەوا بەشی زۆری هەر دەبێت جێ بە جێ بکرێت چونکە ئەمریکا ئەمڕۆ لە زەلکاوی جەنگی عیراقدا بەرەو نوقم بون دەچێو هەموو کەس دەکاتە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی خۆی.

هەمومان ئاگادارین کە چەند خۆپیشاندانێک تا ئێستا دژ بە ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن ساز دراوە وەک خۆپیشاندانەکەی زانکۆی سەلاحەدینو کۆیە وە هەروەها بڕیاریشە لە زانکۆی سلێمانیش بۆ هەمان مەبەست خۆپیشاندانێک ساز بدرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە ڕادەوەستێنێتو سرمان دەکات ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد دەیەوێت لە بری ئەو خۆپیشاندانانە کۆکردنەوەی ئیمزا بەکار بێنێت، لە کاتێکدا بڕیارێک یان داخوازییەکی لەم جۆرە لە گڕو تینی هەناوی خۆپیشینادەران بەتایبەتی چینی گەنجان کەم دەکاتەوەو دەمرێنێ. با بپرسین بۆ ئەم بڕیارە؟

بە بۆچونی من ئەم پرسیارە تەنها یەک وەڵامی هەیەو سەرچاوەکەی یەک هۆکارە، ئەویش هێشتنەوەی باردودۆخەکەیە بە نهێنی، گەر وا نەبوایە هەمومان دەزانین میدیاو ڕاگەیاندن چەن گرنگە بۆ ناساندی کێشەو دەربڕینی نارەزایی گەل بە هەمووان. ئاخر پێمان ناڵێن ئیمزاکانی ڕیفراندۆم ئێستا لە کوێ زیندە بەچاڵ کراونو تۆزی گەردونیان لێ نیشتووە؟ پێمان ناڵێن ئەو ملیۆنەها ئیمزایانە کوان کە بۆ ئازاد کردنی بەڕێز ئۆجالان کۆکرانەوە؟ من ناڵێم خۆپیشاندان زۆر باشترو بە سود ترە لە کۆکردنەوەی ئیمزا، بەڵام خۆپیسشندان هیچ نەبێت زیاتر گڕو تینی نارەزایی دەخاتە پێش چاوو کاریگەر تریشە. هەر وەک لە لوبنان دەبینین ئۆپۆزیسیۆنی لوبنان ئەوە بەچەندەها ڕۆژە شەقامەکانی لوبنانی وەک سەنگەرێک بەکار هێناوە دژی حکومەتەکەی سەنیورە ئەوەتا کۆمکاری عەرەبی و وولاتانی ئەفریقا دێن بۆلای ئۆپۆزیسیۆنو لەگەڵی دەدوێن، ئەو هەر سوورە لەسەر ئەوەی سێ بەشی حکومەتەکەی بەربکەوێت، دەبینرێت کە لەسەرماو سۆڵەی زستانداڕەشماڵ هەڵدراوە تەنها لەبەر بەرژەوەندی گەل، دەبا ئێمەش

**گەل بکەینە سەرکردەو نەیەڵین کەس ڕێ لە دەربڕینی ناڕەزایی گەلەکەمان بگرێتو با ئێمەش واز لە خۆپیشاندانەکان نەهێنینو تا بتوانین زیاتر ناڕەزایی خۆمان نیشان بدەینو واز نەهێنین تا ئیدارەی ئەمریکی ڕێ نەدا خاڵەکانی دژ بە کورد جێبە جێ بکرێت. ئەگینا ئەمەریکا لای ئاسانە ئێمە وەک هەموو کات بکاتە قوربانی ئامانجەکانی خۆیو هێشتنەوەی هێزی مارێنز.**

**ئێستا گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە نە گەل نە پەرلەمان سەربەخۆن لە دەرکردنی بڕیارەلکاندا ئێمە هەمومان لە ژێر دەستی دوو پارت داین کە دەیانەوێت تەنها بە بۆچونەکانی خۆیان گەل بەڕێوە بەرنو کار بکەن.**

**ئایا چینی گەنجان بەتایبەتی خوێنداکارانی زانکۆو پەیمانگاکان چۆن ڕازی دەبن بەو جێگۆڕکێیە؟ بێگومان دەبێت ئەوانیش نەیەڵن وەک گشت کات داواکاریو هیواکانیان ژێر گڵ بکرێن، دەبێت هێزی خۆیان نیشان بدەنو بڵێن کە شەقامی کوردی لە هێزە ڕامیارییەکان بە هێز ترەو دەبێ خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات....**

**با چینی خوێنەران ئەمڕۆ پێشڕەو بن.**